# هێزولایەنە سیاسیەکانی سەربەئەمریکا و میلیشیاکانیان هۆکاری سەرەکی بەرپاکردنی شەڕی ناوخۆن لە عێراقدا!

عبدالله مەحمود
abdulla.mahmud@gmail.com

جەنگی ئەمریکا لەدژی عێراق، هەر صەدام حسێنی لە دەسەلاٌت نەکێشایە خوارەوە، بەلٌکە کۆمەلٌگای عێراقی لەهەموو ڕوویەکەوە بەسەریەکدا ڕماند، و دەیان سەدام حسێنی کردە دێوەزمە بەسەر سەری خەلٌکی عێراقەوە.

ئەمریکا بۆڕەوایەتی بەخشین بەجەنگی لەدژی عێراق، گەورەترین ماشێنی جەنگی بۆگێژکردنی ڕای دنیا خستەگەر" جەنگ دژی تیرۆرە" جەنگ بۆ وەلاٌنانی هەڕەشەی ڕژێمی سەدام حسێنە لە دژی دراوسێکانی" جەنگ بۆ بەرگریکردنە لە ئارامی و ئاسایشی دنیا" جەنگ بۆ لەبەینبردنی چەکی کۆکوژە" جەنگ بۆڕزگاری خەلٌکی عێراقە لەدەست دیکتاتۆریەت" جەنگ بۆ داپۆشینی ناوچەی ڕۆژهەلاٌتی ناوەراستە بەدیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ" جەنگ بۆ لێدانە لە ئیسلامی سیاسی وکۆتایهینان بەهەرەشەی تیرۆریزم"........تاد. ئەمانە ئەو بەلێنانەبوون کەبۆڕەوایەتی بەخشین بەجەنگ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بەدەستیانەوە گرت.

سەرباری هاتنە مەیدانی دنیای بێداربوو، بەدژی جەنگ و جەنگخوازیدا، وەسەرباری پەیبردنی ئەم دنیای بێدارە بە ئاکامە زیانبارو دوورماوەکانی ئەم جەنگە لەسەر کۆمەلٌگای ئینسانی، سەرئەنجام جەنگێك داسەپێنرا، جەنگێك کە پێشتر بە کوشتاری بەکۆمەلٌەوە لە ڕێگای چەکی ئابلۆقەی ئابوری و بۆمبارانی ڕۆژانەو دانانی هێلٌی بەناوپاریزگاری و ناوچەکانی دژەفڕین...دەستی پێکردبوو، گۆردرا بە جەنگێکی ئاگرین، جەنگێك کە دەریاو زەوی و ئاسمانی تیا بەدەستەوەگیرا، وسەرئەنجام ڕژێمی دڕندەی بەعس لە دەسەلاٌت کێشایە خوارەوە، بەلاٌم جەنگ هەر سەدام حسێنی وەلانەنا، بەلٌکە هەرچی سیمای مەدەنیەتی کۆمەلٌگای عێراق بوو لوشیدا، بنەمای ئابوری بەتەواوەتی داڕوخاند، دامەزراوە خزمەتگوزاری و کۆمەلاٌیەتی و تەندروستی و تەرفیهی......تاد،لەبەین برد، هاوکات بۆ ئەم دیموکراسیەی گوێچکەی دنیای پێ کەرکرا، حزب و لایەنی سیاسی جۆراوجۆری کۆنەپەرستی قەومی و دینی وتایەفی،" عەرەب و کوردو تورکمان"" شیعەو سونە"، کۆکرانەوە و لەبەرەیەکدا بەزۆر بەیەکەوە لکێنران.

ئەم هێزو لایەنانە سیاسیانە، کە لەم بەرەیەدا کۆکرانەوە، لە ئیسلامی سیاسی یەوە تا قەومچیەکان، لە چەپە پرۆ ڕوسییەکانەوە تالایەنە بەناولیبرالی و نیۆ ئەوروپی، لەکریگرتەکانی ئێران و سعودیەوە، تاموچەخۆرەکانی پنتاگۆن..... بەمەبەستی بەشداربوون لە دەسەلاٌتی داهاتووی دوای سەدام حسێن و بەعسدا، هەر لەزووەوە کەوتنە پێشوازی لە سیاسەتی جەنگی ئەمریکاو ئەمەیان بەخێرو بەرەکەتێکی ئیلاهی تەماشاکرد، وئەوەی بۆیان گرنگ نەبوو ئاکامەکانی جەنگ و ئاسەوارەکانی بوو لەسەر دنیاو ناوچەکە بەگشتی و خەلٌکی عێراق بەتایبەتی، ئەم بەرە کۆنەپەرستە بەمێژووی ڕابردووی و پەیامێك کە هەلٌگری بوون، ئامادەبوون بەسەر لاشەی بەکۆمەلٌ لەخوێن هەلکێشراوی خەلٌکی عێراقدا، بکەونە دوای پچرینی دەسەلاٌت.

بە کەوتنی بەعس، حکومەت و دەولٌەتی عێراق لەبەریەك هەلٌوەشا، ئەمریکا کە لەپرۆسەی سەربازیدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەحساباتی خۆی ئەمە کۆتایی شەرەو ئیتر بیناکردنەوەی عێراق و پێکهێنانەوەی حکومەت و سازدانەوەی قەوارەی دەولٌەت دەست پێدەکات، ئەمە وادەرنەچوو شەڕ لە ئەبعادێکی تردا درێژەی پەیداکرد، چ پاشماوەکانی بەعس و چ ئیسلامی سیاسی بنلادنی و زەرقاوی لەبەرەیەکدا بە پشتیوانی ولاٌتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە درێژەیان بەشەردا لەگەلٌ هێزەکانی ئەمریکاو ئەو لایەنانەی کە لەژێر چەتری ئەمریکادا کۆببونەوە.

لەوکاتەوە عێراق بۆتە شانۆی شەڕێکی هەموو ڕۆژەی نێوان هەردوو بەرەی ئەمریکاو میلیشیای حزب و لایەنەسیاسیەکانی گویٚ لەمستی ئەمریکاو بەرەی تیرۆریزمی ئیسلامی و قەوم چیەشکست خواردوەکانی ناسیونالیزمی عەرەب. لە شەڕی نێوان ئەم دوبەرەیەدا نە ئاسایش ماوە نە ژیانی نورمال، کۆمەڵگا نوقمی تیرۆر کوشتار تەقینەوەو میلتاریزم بووە و ڕۆژبەڕۆژیش ئەم دۆخە کەم وێنەیە قوڵتر دەبێتەوەو هەڕەشەکانی لەسەر ئایندەی سیاسی و کومەڵایەتی خەڵکی عێراق وناوچەکە زیاد دەکات.

هەموو هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ دەربازبوون لەم هەلومەرجە، لە وەڕێخستنی سیناریۆی پێکهێنانی حکومەتی کاتی یەوە، لەهەڵبژاردنە یەك لەدوای یەکەکانەوە، لەهێنانی دەستوری کاتی و هەمیشەیەوە، لە پێکهێنانی پەرلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارەوە.... کەهەمویان بە پلەی یەکەم بەمەبەستی دەرچونە لەو وەزعەی تێی کەوتووە،نەك نەیتوانیوە ئاسۆیەکی ڕۆشن بخاتە بەردەم خەڵکی عێراق، بەڵکە ئاسۆیەك بۆ دەربازبونی خۆشی لەم هەلومەرجە دیارنی یە.

ئەو هێزو لایەنانەی کەبڕیارە ئەمریکا حکومەتیان لێپێکبهێنێت، نەك هەر بڕوایان بەدیموکراسی نیە، نەك هەر بڕوایان بەحەقی هاوڵاتیبوون نییە، بەڵکە ئەمان خۆیان هێزی دژی دیموکراسی و هێزی دژی بەرەسمی ناسینی ماف هاوڵاتی بوونن و بەکردەوە دەیانەویٚ کۆمەڵگای عێراق لەسەر بنەمای قەومی و دینی و تایفی جۆراوجۆردا لێکهەلپێکنەوەو!! هەرلایەکیشیان دەیەوێت لەزوترین کاتدا دەسەڵات لەدەستی خۆیدا قوتبی بکاتەوەو نەفی ئەوانی تر بکات.

هەلومەرجێك کە ئێستا لە عێراقدا دەگوزەرێت بەرهەمی واقعی ئەم ململانیٚ یەیە، ململانێی قەومی نێوان کوردو عەرەب و تورکمان، ململانێی دینی نێوان سونەو شیعە، وە ململانێی وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە لە ڕێگای ئەم هێزانەوە.

دیارە هەرکام لە هێزانە لەئاکامی نەمانی دەوڵەت و یاسادا، بە پشتیوانی مادی و مەعنەوی و تەنانەت لوجیستیکی وڵاتانی ناوچەکە، هێزی میلیشیای سەر بەخۆیانیان سازداوە، و عێراق بەجیا لەشەڕی نێوان هێزەکانی ئەمریکاو هێزەکانی سەر بە ئیسلامی سیاسی بنلادنی و زەرقاوی، مەیدانی بەیەکدادانی میلیشیای ئەم هێزولایەنانەشە کە ئەمریکا لەسەرەوە لەبەرەیەکدا کۆی کردونەتەوە تاحکومەت و دەوڵەتی عێراقیان پیٚ پێکبهێنێتەوە.

ئەوەی کەبەدوای نەمانی بەعسەوە لەکۆمەڵگای عیراقدا ڕووئەدات، لەچەشنی کوشتاری بەکۆمەڵ، سەربڕین و فڕێدانی لاشە شێوێنراوەکان لەگۆشەو کەناری شارەکان، دەستە دەستە دوزینەوەی ژێرخاکراوەکانی سونەو شیعە، ئاشکرابونی زیندانەکانی ناو وەزارەتەکان!!..... کاری ئەم میلیشیایانەیە کە سەرۆکی حزب و ڕێکخراوەکانیان لەسەرەوە خەریکی پێکهێنانی حکومەت و دەوڵەتی تازەی عێراقن.

ڕوداوەکانی ئەم هەفتەیە لە تەقاندنەوەی مەزارگەی شیعەکان لەسامەرا و چەند شوێنی تر و هاوکات تەقاندنەوەو هێرش بۆسەرمزگەوتی سونەکان.......درێژەی هەمان کاروکردەوەکانی میلیشیاکانە، ئەو میلیشیایانەی لەسەرەو پێیان سپێردراوە بەو کردەوانەیان تەوازنی هێز بگۆڕن و لە بەرامبەرکی قوتبی کردنەوەی دەسەڵاتدا نەخشیان بگێڕن.

ئەم ڕوداوانەی ئەم ماوەیە ڕوویاندا، نیشانەیەکی ترسناك و کەم وێنەیە لە مێژووی دورو نزیکی کۆمەڵگای عێراقدا، نیشانەیەکە بۆگۆڕینی کۆمەڵگای عێراق بەسەرزەمینێکی یوگسلافیا ئاسای دەورانی جەنگی ناوخۆیی نێوان سرب و کرواتەکان، بە بونی شەری تیرۆرستی بلۆکە تیرۆرستە نێونەتەوەیەکان( تیرۆریزمی نێودەوڵەتی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی)وە.

ئەمە بێگومان ئەگەر ئێستا ئەبعادێکی سەرتاسەری نیە، لەدرێژەی خۆیدا سەراسەری دەبێتەوە، و بەیەکدادانی قەومیش لەدڵی هەلومەرجێکی ئاوادا بەتایبەت لەوشارانەی کورد زمان و عەرەب زمانی تیایە، لەکوشتاری ژێر بەژێری تاك تاکەوە دەبێتە بەیەکدادانی ئاشکراو بەکۆمەڵ و سەراسەری لەم شارانەدا.

ئەوە کەبۆ لەم کاتەدا بەیەکدادانی ئەم میلیشیایانە گەیشتوە بەم ئاستە ترسناکە، مەسەلەکە ئەوەیە کەخاوەنی ئەسڵی ئەم میلیشیانە لەسەرەوە خەریکی پێکهێنانی حکومەتن، حکومەتێك کە بنەماکەی لە جێگای بەڕەسمی ناسینی حەقی هاوڵاتی

بوون، بنەماكەی قەوم پەرستی و دینی و تایفی یە، و هەركام لەم هێزە ڕەشانەش دەیانەوێ مۆری خۆیان بە باڵای دانیشتوانی سونەمەزهەب و شیعەمەزهەب و هاوكات قەومیەتی جۆراوجۆر بپڕن.

لەونێوەداو لەڕاستای یەكلاكردنەوەی كێشەی پێكهێنانی حكومەتدا، بزوتنەوەی سونە مەزهەب و شیعە مەزهەب، بزوتنەوە قەوچێتی كوردو عەرەب لەسەرپایەی زمانی جیاواز، بەگژیەكتریدا بكەن و لەو ڕێگایەوە ڕادەی بەشی دەسەڵات لە حكومەتی پێكهاتوی داهاتودا بەدەست بهێنن.

ئەم سیاسەتە دژی ئینسانیە، كە زەمینەو ژینگەی سیاسیەكەی دەرهاویشتەی جەنگخوازی ئەمریكا وبەرهەمی تەوافق و هدنەی ناپەیەداری لەسەرەوەی حزب ولایەنەسیاسیەكانە، لە غیابی دەسەڵاتی دەوڵەتی و حكومی و یاسادا دایە، كە بواری داوە میلیشیا لەسەراسەری عێراقدا قەڵەمڕەوی دەسەڵاتداریێتی بەپێ نفوزو پانتایی میلیشیاو زۆری چەك دیاری بكات.

ڕژێمی بەعس بەدرێژایی مێژووی دەسەڵاتداریێتی خۆی هەوڵیدا كێشمەكێشی نێوان ناسیونالیزمی دەسەڵاتدار كە لەسەر دەستی خۆی نوێنەرایەتی دەكرا لەگەڵ ناسیونالیزمی كورد بكێشێتە شەڕی ناوخۆیی نێوان كورد زمان و عەرەب زمانەكان، بەڵام تیایدا مایەپوچ دەرچوو، لەهەموو مێژووی كۆمەڵگای عێراقدا ئێمە شاهیدی بەرامبەركێ ی ناوخۆیی نێوان خەڵكی كورد زمان وعەرەب زمان نەبووین، وسیاسەتی شوڕكردنەوەی كێشمەكێشی باڵە ناسیونالستەكان، بۆناو خەڵكی، بەشوێنێك نەگەیشت، هاوكات كێشمەكێشی نێوان لایەنە سیاسی یە مەزهەبیەكانی عێراق" شیعەو سونە" ش، لەڕابردودا دیسان بۆ شوڕكردنەوەی بۆناو خەڵكی سونە مەزهەب و شیعە مەزهەب هەر توشی شكست بووەو هەموو مێژووی كۆمەڵگای عێراق، بەیەكدادانی خەڵكی سەر بەمەزهەبی جیاوازی بەخۆیەوە نەبینیوە. ئەوەی كەئێستا خەریكە كۆمەڵگای عێراق دەكاتە بەیروتی ساڵانی هەفتاكان و یوگسلافیای پێشوو، بەرهەمی داگیركاری و جەنگی تیرۆرستەكان و ئەوهێزو لایەنەسیاسیانەیە، كە بەئەندازەی تاڵە دەزویەك ژیان و گورزەرانی خەڵكیان لامەبەست نی یە و هەریەكەیان دەیەوێت لەسەر كلوركلور لاشەی خەڵكی سەر بەزمانی غەیرخۆیان و قەومیەتی غەیری خۆیان، بگەنە دەسەڵات و بە هەڵپەڕكێ و شایی لۆغانەوە جەژنی كوشتارییان بگێڕن.

چ شەرمەزاریەكە، ئەمە ئەو دیموكراسیە بوو كە ئەمریكا وادەی ئەدا، ئەمریكا وادەی هێنانی دیموكراسی ورزگاركردنی خەڵكی عێراق و بنبڕكردنی تیرۆریزمی ئیسلامی و لەبەینبرنی چەكی كۆكوژو لابردنی هەڕەشەی ڕژێمی عیراق لەسەر وڵاتانی دراوسی ئەدا، ئەم درۆ مێژوویانە بەكردەوە دەركەوتن كە پێچەوانەكەیان راستە، ئێستا هەرچی هێزو لایەنی كۆنەپەرستی لە گۆڕ متبودا بوون، هێنراونەتە سەروبەندی دەسەڵات پێدان،و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و چەرخاندنی حكومەتی داهاتووی عێراق. ئیسلامی سیاسی و تیرۆرزمەكەی نەك بنەبر نەكرا، كۆمەڵگای عێراق لەسەردەستی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمەكەی بۆتە وێرانەو كۆمەڵگای عیراق بۆتە سەرچاوەی لەدایكبونی زەرقاویەكان و ڕەوانەكردنی تیرۆر بۆ گۆشەوكەنارەكانی دنیاو هاوكات بەشداری پێكردنیان لەدەسەڵاتدا. ئەگەر سەردەمی سەدام حسێن هەڕەشەی چەكی كۆكوژ و پەلاماردانی ووڵاتانی دراوسێ هەبوو، ئەوا ئەمرۆ هەڕەشەی ئەنفلۆنزای ئیسلامی سیاسی دەبەرابەری چەكە كۆكوژەكانی!! و پەلاماری عیراق، هەڕەشە لەوڵاتانی ناوچەكەو دنیا دەكات.

ئەگەر بەر لە سێ ساڵ لەمەوبەر كەسانێك لەنارۆشنیەوە توشی سەرلێشێوان بوون و لە ژێركاریگەری ژورنالیزمی پانوپۆری بەكرێگیراودا گیردران و بەناحەق كەوتنە بەرەی فریوكاریەكانی جەنگی ئەمریكا، دەبێ ئەمرۆ بەچاوێكی كراوەوە بڕوانە جەنگخوازی ئەمریكاو ئاكامەكانی، بڕوانە ئەو هێزە سیاسیانەی بەناحەق بەناوی نوێنەرایەتی بەشە جۆراوجۆرەكانی خەڵكی عێراقەوە، هەموو پێودانگێكی ئینسانیان ژێر پێخستوە،و بۆ كێشمەكێشی نێوان خۆشیان بەهەمان شێوە میلیشیا و كردەوەكانیان دەكەنە پێوانەی بڕانەوەی ناكۆكیەكیە چارهەڵنەگرەكانیان.

ئێستا كە بەكردەوە كۆمەڵگای عێراق، لەبەردەم شەڕێكی ناوخۆیدا ڕاگیراوە، ئەركێكی گەورەو مێژووی لەسەر بەرەی متەمەدینی دنیایە، كە بێنە مەیدان، و بەربگرن بەوكارەساتە ناوازەو كوشتارەی كە میلیشیای سەر بەحزب و لایەنە سیاسیە كۆنەپەرستەكانی عێراق، بەكردەوە خەریكن نەخشەو پیلانی بۆ دادەڕێژن.

ئەوەی کەبەڕاستی وبەکردەوە دەتوانێت دەستی ئەم میلیشیاو هێزانە لەسەر ژیان وچارەنوسی سیاسی عێراق کۆتا بکات،و بەربگرێت بە تەنینەوەی بەیەکدادانی تایفی و قەومی، بەر لەهەموو شت لەگرەوی ئەوەدایە دەستی هەردوو بەرەی جەنگی" تیرۆرستی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بەسەرکردایەتی ئەمریکا" لەسەر عێراق ناوچەکەدا هەڵبگیرێت، کە فاکتەری بناغەیی سەرهەڵدانی نائارامی عێراقن، بە قوتبونەوەی میلیشیاکانیشەوە.

کارێکی ئاواگەورەو بۆ دەست کۆتاکردنی ئەم دووقوتبە جیهانیە تیرۆرستە، تەنها بەهاتنەمەیدانی هێزی سێیەم، بەواتایەکی تر بەقوتبی سێیەم دەکریت، بەرەی پێشکەوتنخوازی دنیا، ئەو بەرەیەی کە 15 فۆریە 2002 دا گۆشەیەك لە نمایشی هێزی خۆی بەدژی شەڕخوازیدا نیشانی ملهوڕەکانی دنیادا، ئێستاش ئەم هێزە بە بەرچاوڕۆشنیەکی زیاترو ئامادەیی فراوانترو گەورەترەوە نەك دەتوانێ ئەمریکاو تیرۆریزمی ئیسلامی کەنار بخات و دەستیان لەسەر کۆمەڵگای عیراق کۆتابکات، بەڵکە دەتوانێت ببێتە هێزی ئومێدی بەخش لە پشتی هێزە مەدەنی و بزوتنەوەی ڕادیکاڵە خوازەکانی عێراق، بۆ لەچەکداماڵینی میلیشیاکانی ئێستای هیزە کۆنەپەرستانەکانی عێراق وسازدانەوەی دەوڵەتێکی سکولاری غەیرە قەومی و حکومەتێکی مۆدێرن، کەتیایدا حەقی هاولاتی بوون و وەکویەکبونی یاسایی بۆ هاولاتیان مسۆگەر بکات. هەر ئەمەش دەتوانێ ئایندەیەکی ترو ئاسۆیەکی تر بخاتەبەردەم خەڵکی عێراق و بەربگری بەدرێژەکێشانی ئەم سیناریۆ ڕەشەی کەئەمریکاوهاپەیمانەکانی لەگەڵ هێزە گوێلەمستەکانی خولقاندویانەو دایانسەپاندووە.

2006-3-1